# تەسریحەی تازەی پرچی بووک

خەونێــــك كـــە زۆربەی كچان حەز دەكەن بێتەدی، ئـــەو ڕۆژەیە كە ببن بە بووكێكی جوان و جێی ســـەرنجی هەمووان، بە مەرجێك لەو ڕۆژەدا، ئەو خواســـت و هەســـتەی هەیەتی، دەبێ بە جوانی بۆی ئامادە بێ، گرنگترینیان كراسێكی جوانی دەســـت بكەوێ و لەبەری بكات، هەروەها تەســـریحەیەكی ناسكیش بۆ پرچی بكرێت. تەسریحە، ڕواڵەتی جوانیتە، چونكە ئەگەر ماكیاژێكی جوان و ڕازاوەت كردبێ و جلێكی نایابت لە جوانیدا لەبەر بێ، بەڵام ئەگەر تەســـریحەی پرچت نەشـــیاو بوو، ئەوكاتە ئەوەندە جوان و شۆخ نابیت، لە مۆدی ئێستا زیاتر دوو جۆرە تەسریحە باوە، یەكەمیان: تەسریحەی هەڵگیراوە، كە خواســـتی زۆری لەلایەن كچانەوە لەســـەرە و زۆربەی ئەو كچانەی دەبن بە بووك، ئەو شێوازە هەڵدەبژێرن، كە بەشێكی زۆری پرچ دەخرێتە لایەكی سەر یان بەرەو پشتەوە دەچەمێنرێتەوە. مۆدی دووەمیش، پرچ خاو دەكرێتەوە و بە تەسریحەیەك دادەنرێ، زیاتریش تەســـریحەی كلۆشـــی بۆ دادەنرێ، یان لە شـــێوەی پەڕپەڕ (مدرج)، هەریەكە لەم دوو شێوازە جێگەی جوانیت دەبن، هەر بۆیە بتوانە یەكێـــك لەو دوو شێوازە لە تەسریحەی پرچتدا بێت، هەروەها دەتوانیت ئەو دوو تەسریحەیە بۆ ئاهەنگ و زەماوەندیش ئامادە بكەی، ئەگەر تۆ بووكیش نەبیت.









# بۆ خەوی خۆش قاتە بیجامەی قوماش هەڵبژێرە

لە هەر وەرزێکدا، چەندین چەشنی جۆراوجۆری جل و بەرگ دەردەکەون، ئەو جلانەش هەر یەکە بە کات و شوێنی خۆی دیاری کراوە، جلی دەرەوە جیاوازیی هەیە لەگەڵ جلی ماڵ، یان جلی خەوتن و جلی ئاسایی جیاوازن، بەڵام هەموویان جێگەی جوانی و سەرنج و سەلیقەی خۆت و دەوروبەرت دەبن. لە وەرزی پاییزدا، کە وەرزێکە بەرەو ساردی دەچێ، وا باشە کچان و خانمان گۆڕانکاری لە جلەکانیاندا بکەن، چونکە لەو وەرزەدا ڕەنگە سەرما و سۆڵ پێتان بگات و تووشی نەخۆشیتان بکات، جلی خەوتن، بە مۆدە جلی ماڵ دادەنرێ، کە ئەوانیش وەك جلی دەرەوە، دیزاین و شێوازی خۆی هەیە، تا ناسك و بەرچاو بێت، لە وەرزی پاییزدا، زیاتر قاتە بیجامە گونجاوە، بەڵام هەندێك لە خانمان حەز بە قات و بیجامەی قوماش دەکەن، لە بەرامبەر تراکسوت و قاتی دیکەدا. ئەو قاتە بیجامانە لە قوماشی نەرم و پەمۆ دروست کراون، مەبەست لەوەش تا خەوت خۆش بێت و سانا بێت لەبەرت.

# با ڕەنگی نینۆکت پڕ بە دڵت بێت



ماوە ماوە، مۆدی تازەی ڕەنگ و ستایل و نەخشی نینۆکی پەنجەی دەست و پێی خانمان دەردەکەوێ، ئەوانیش بە پەرۆشەوە، یەکێك لەو ستایلانە هەڵدەبژێرن و پەنجەیان پێ دەڕازێننەوە. تۆش وەك کچێکی شۆخ و شەنگ، هەوڵبدە یەکێك لە مۆدە تازانە لە پەنجەی نینۆکەکانت بدەی و دەوروبەرت بە جوانی نینۆکەکانت مەست بکەی. ئەو ستایلە تازەیە، زیاتر لە ڕەنگی کراوە خۆی دەبینێتەوە، واتە ڕەنگەکانی : سپی، سوور، زەرد، پەمەیی، شینی ئاسمانی. ئەو ڕەنگانەش نینۆکت جوانتر و ڕازاوەتر دەکەن، بەڵام دەبێ بزانی لەگەڵ چ جۆرە جلێك یان بەشێکی دیکەیان هاوڕەنگ دەکەیت، هەندێك لە کچان، سوود لە هاوڕەنگیی نێوان نینۆك و ڕەنگی لێو دەبینن، هەندێکی دیکەش لەگەڵ پشت چاو ڕێکی دەخەن، تەنانەت بەشێکی دیکەش لەگەڵ ڕەنگی جل و بەرگ تێکەڵ بە یەکتری دەکەن. بەڵام کچان و خانمان دەبێ ئەوە بزانن کە چ جۆرە ڕەنگێك لە نینۆکیان دەدەن کاتێك دەچنە زەماوەندێك یان بۆ چوونە سەر کاریان، واچاکە ڕەنگێك بێت، کە لەگەڵ شوێنی کاردا گونجاو بێت، لە مۆدی پاییزدا چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر هەن، کە کچان دەتوانن لە پەنجەیان بدەن، وەك : قاوەیی، زەردی گەڵای دار، سوور، پەمەیی، سووری جەرگی.





# کاری دەستی کوردەواری

جاران، لە ژیانی کوردەواریدا، چەندین کەرەستەی بەسوودیان بە دەستی خۆیانەوە دروست دەکرد، کەرەستەی خۆماڵی و بە بیرۆکە و دەست ڕەنگینی ئافرەتان و پیاوانی کورد بوون، ئەوان چاویان لە دەست و بازووی خۆیان بوو، تا شتێکی وا دروست بکەن، کە سوودی هەبێ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا، ئەوەتا کاری دەستی و ڕستن و چنینیان دەکرد، لەو کارانە دروست کردنی توولەگە و کۆڵەگە و جۆرك و تلیانە و تێلەگە بوو، زۆربەیان بەسوود بوون، جۆرك شێوەی بچووکە کەرەستەی وەك پارە وەك گیرفانێك وابوو، کۆڵەگە هەبوو لە پشت دەکرا، کە بارە دار و شتی دیکەیان دەخستە ناوی، تێلەگە لە پشت دەکرا و منداڵی ساوایان دەخستە ناوی و دەرۆیشتن بەڕێوە، زیاتریش بۆ کاتی گەشت و ڕۆیشتنەوە بوو، تلیانەش هەبوو، وەك حەسیرێکی بچووك وابوو، کەرەستەی خواردنی دەخرایە سەر.





# ترسناکترین ڕێگەی بناری شاخ

بەهۆی نا ڕێکی و ناخۆشی ڕێگای (کامینتۆی دێل ڕەی) لە باشووری ئیسپانیادا، (٥) کەس گیانیان لە دەست دا لە کاتی پەڕینەوەیان بەسەر ئەو پردە ڕێگە شاخاوییەدا، دوای ئەوەی ساڵانێکە ئەو ڕێگایە داخراوە، تا لەسەر داوای زۆربەی گەنجان، ڕێگای مەرگ دووبارە بە رووی گەشتیاران و ئەوانەی حەزیان بە مردنە کرایەوە. ئەو ڕێگەیە تەسك و ترسناکە دروس کرابوو بۆ وەستای چاککەرەوەی ڕێگای شەمەندەفەر، بەڵام دوای ئەوەی ئەو ڕێگایە هاتوچۆی بەسەردا ناکرێت و قەدەغە دەکرێ، دواتر لەلایەن گەنجان و گەشتیاران دەبێتە حەزێکی بە ترس و خوو گرتنێك بە تێپەڕ بوون بەسەر ئەو ڕێگەیە، تا بگەننە بناری شاخێك، کە لە نێو ئەو شاخە بەردینەدا، کافتریا و قاوەخانەیان کردۆتەوە، ئەمەو ڕۆژانە چەندین کەس بەسەر ئەو ڕێگە ترسناکە لە نێوان ژیان و مردندا تێپەڕ دەبن، جگە لەوەش لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە خۆیان بێ بەری کردووە لەوەی خەڵك لە سەر حەز و بەرپرسیاریەتی خۆی بەسەر ئەو ڕێگایەدا دەپەڕێتەوە، چونکە ئەوان قەدەغەیان کردبوو، جگە لەوەش خەڵکیش دەیانەوێ خووی خۆیان بەو ڕێگا ترسناکە بێننەدی.



# شاجوان لەسەر شەقام دەخەوێت!

خانمە شۆخ و شەنگی شاجوانی بەریتانیا (کارینا تیریل)ی تەمەن (٢٤) ساڵ، بە شاجوانی بەریتانیا هەڵبژێدرا، هاوکات ئەو قوتابیی کۆلێژی پزیشکییە لە زانکۆی کامبرێج. کاریناى شاجوان بیرۆکەیەکی بۆ هات کە چۆن بتوانێت بەرگری لەو کەسانە بکات کە بێ شوێن و جێگەن، تەنانەت شەوانەش لەسەر شەقام و کوچە و کۆڵانەکانی ئەو وڵاتە دەخەون، بۆیە ئەویش بڕیاری دا شەوێك وەك ئەو خەڵکە بێ جێگەیانە بچێ و لەسەر شەقام بخەوێت. ئەو کارەی کارینا وای کرد کە هەر ئەو شەوە نزیکەی (٢٤٠٠) کەسی دەربەدەر و بێ شوێن و ماڵ، بێنە لای شاجوان و سەردانی بکەن، تا لە مەینەت و ناخۆشیان تێبگات و دەنگی ئەو کەسانە بە دەسەڵات و سەرکردایەتی وڵاتەکەی بڵێت، کارینا دەربارەی ئەو شەوە دەڵێ : هەستێکی ناخۆشە بەم شێوەیە شەوت بکەیتەوە و چونکە هەستم بە ترس و بێ هێزیی زۆر دەکرد.

# گای سەرشێت و بووک و زاوا

لەوکاتەی بووك و زاوایەك لەو پەڕی دەربڕینی خۆشی و شادیاندا دەبن، لە ناکاو ئەو خۆشییەیان لێ تێکدەچێ ئەوەش بە ئیرەیی گایەکی سەر شێت کە بەرەو روویان دێت و بەزمەکەیان لێ تێکدەدات. (برایان و ریبیکا بیر) ئەو دوو بووك و زاوایە ئوستراڵییە بوون، لە کاتی وێنەگرتنی بووك و زاوادا ئەو گا سەر شێتە بەرەو شوێنی وێنەگرتن دێت و ئەوانیش بە شتێکی ئاساییان زانی، بەڵام دواجار گا سەر شێتەکە گازێکی گەورەی لە جلی بووکەکە دا و پارچەیەکی لێکردەوە، هەرچەندە لەلایەن کاکی زاوا بەرگری لە بووکەخان دەکرد، کەچی گا سەر شێتەکە دەیویست شاخێکیش پێشکەش بە زاوا بکات، بەڵام دواتر چەند کەسێك توانیان گا سەر شێتەکە دوور بکەنەوە لە بووك و زاوا، ئێستاش نەیانزانی ئەو گایە بۆ وای کرد، ئێمەش دەڵێین : رەنگە ئیرەیی بە بووك و زاوا بردوبێت.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەو گومانە زۆرانەی کە بەرامبەر دەوروبەرکەت هەتە، خۆت دوور بخەرەوە. دڵت خۆشەو تاڕادەیەك لەو کێشانە رزگارت دەبێت کە بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی رابردوو یەخەی گرتبوویت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

رەنگە پەیوەندی بەکەسانێکەوە بکەیت کە پێشتر نەتناسیون، یان رەنگە هەندێك توانا بخرێتە بەردەستت بۆ وەدەستهێنانی ئاواتەکانت. گفتوگۆ باشترین رێگەیە تا سەربکەویت.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەم ماوەیە گرنگە لە بواری ئیش وکارتدا، لەبەرئەوەی سەرکەوتنی باشی لێ بەدەست دەهێنیت، برە پارەیەکیشت بەدەست دەگات، کەللەڕەقی ئەنجامی باشی بە دواوە نییە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ماوەیەکە بەو شێوەی کە خۆت دەتەوێ کارەکانت بەڕێوە دەچن، بەڵام پێویستە سەر لە خۆت نەشێوێنی و کارەکانت دوا نەخەی، ئەوەش خاوەن کارەکەت والێدەکات زیاتر بۆت قەرەبوو بکاتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەو ئاستەنگانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر هاتنە سەر رێت، بەتایبەتی لەبواری خۆشەویستی و سۆزداری بەرەو نەمان دەچن، بەڵام پێویستیت بە هەواڵێکی زیاتر هەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

چەند رۆژێك بەر لەئێستا هەندی لە گرفتەکان خەفەتباریان کردیت، بۆیە هەوڵبدە تا دەتوانیت لەبیری بکەیت، دەنا بە پێەوانەوە ناتوانی باری دەروونیت ئارام بکەیتەوە.

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بەردەوامبوونت لەسەر ئەو هەڵوێستانەی کەلە زۆر بواردا هەتە، زیانت پێ دەگەیەنێت، پێویستیت بە ئامۆژگاری کەسانی دڵسۆز هەیە و پێویستە راوێژ بە دەوروبەرت بکەی.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەو هیوایەی کە ماوەیەکی زۆرە خەونی پێوە دەبینی لەم زووانە دێتە دی، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویست و خێزانەکەشت بەرە بەرە باشتر دەبێت وهەست بە ئارامی زیاتر دەکەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەم ماوەیە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی نوێ یاخود بۆ بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی زۆر باش نییە، هەوڵبدە دوای بخەی بۆ کاتێکی دی و خۆت لە بڕیاری بەپەلە بپارێزە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەست بە بێزارییەکی زۆر دەکەیت، لەبەر ئەوەی باوەڕت بە کەسێك کرد کە نەدەبوایە باوەڕی پێ بکەی. ئەو هەموو ماندووبوونەکانتی لەبەرچاو نەگرت و زیانی داراییشی لێدای.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

پێویستە دەستبەرداری هەندێك ئاواتت بیت لەبەرئەوەی بەکەڵکی ئەو قۆناغەی ئێستات نایێت، بۆیە هەوڵبدە دووبارە کارەکانت رێکبخەیتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠


لەم رۆژانە هاوڕێیەکت پێویستی پێت دەبێت، یارمەتی بدە تا ئەویش یارمەتیت بدات، تۆش ئەمڕۆ پێویستیت بە کەسێك هەیە تا دەردی دڵی خۆتی بۆ باس بکەی.






## وێنە دەدوێ !

لەم وێنانەدا چەندین درەخت و گیای بچووك دەبینن، کە ئەوەندە ناسك و سادەن، کەچی لەنێو جەرگەی قیری بەهێزی شەقام هاتوونەتە دەرەوە، زۆر جاران ئەو دیاردەیە دەکەوێتە بەرچاومان، بەهێزی گژ و گیای لەم جۆرە لەوەدایە هێواش هێواش پاڵەپەستۆ لە قیرەکە دەکات و تا وای لێ دێت رێگەیەك دەکاتەوە.




# پێڵاو بۆ سەگ!

ماوەیەکە لەلایەن ئەوانەی سەگیان لە ماڵ هەیە و بەخێویان دەکەن، پڕ بە دڵیان جلی تایبەت و جوانیان بۆ دەکڕن، تەنانەت وایان کردووە کە پێڵاوی تایبەتیشیان هەبێت و تا پێی سەگەکانیان لە پیسی و بریندار بوون بە دوور بێت، ئەو وێنەیە گوزارشتە لەو کارە، کە دەیانەوێ سەگەکانیشیان جێگەی گرنگی و بایەخیان بێت، وەکو چۆن لە هەموو بواری ژیانیاندا گرنگی پێدەدەن.



## شەڕە تەماتە!

وەك ناڕەزاییەك لە تێکچوونی پەیوەندیی نێوان رووسیا و وڵاتانی ئەورووپا، لە دژی ئەو کارە، کە ئامادەکارانی ئەو رێوڕەسمە، شەڕە تەماتەیان لە وڵاتی هۆڵەندا راگەیاند، ئەو شەڕە تەماتەیە وەك ناڕەزاییەك بۆ ئەو ناکۆکیانەی لە نێوان وڵاتانی ئەورووپا هەیە، ئەو بیرۆکەیە لە بیرۆکەی شەڕە تەماتەی ئیسپانیا وەرگیراوە، کە تێچووی ئەو شەڕە گەیشتە (٥٠٠٠) هەزار دۆلار و نزیکەی (١٢٠) هەزار تەماتەیان لە یەکتر داوە.



## وتەی ناوداران

- تۆماس ئەدیسۆن لە بارەی کات دەڵێ :

کات بێ نرخترین شتە لە دنیادا هەیە، بەڵام قورسترین شتە پێمان ناوەستێ و تەنانەت ناتوانین بیکڕین.

## پەیکەری شکۆدار لە لم

لەبەر ئەوەی وڵاتی ئێمە سەرچاوەی ئاوی کەمە و بە دەریای گەورە دەورە نەدراوە رەنگە بە شێوەیەکی زۆر ئاشنای ئەو هونەرانە نەبین کە لە قەراغ دەریاکان بە لم دروست دەکرێت، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە لمیان زۆر جار لە بیابان بێت یان کەنار دەریاکان ئەوا هونەری پەیکەری لمین لەو شوێنانە برەوی پێدەدرێت لە سەرەتادا هونەرمەندەکان بیرۆکەیان نەبوو پەیکەری گەورە لە لم دروست بکەن، چونکە کارێکی زۆر قورسە و لێهاتوویی دەوێت، تەنها منداڵ و هەرزەکارەکان لە کەناری دەریاکان یاریان بە لم دەکرد و شێوەیان لێوە دروست دەکرد، بەڵام ئەوە بوو بە بیرۆکەیەك بۆ ئەوەی هونەرمەندان چەندان پەیکەری شکۆدار و ناوازە و سەرنجڕاکێش دروست بکەن ئەمانە بەشێکن لەو کارە مەزنانەی کە رەنگە باوەڕ نەکەین چۆن لە لم دروست کراون.

